## کردنەوەی خوڵی گومرگی بۆ فەرمانبەرانی فرۆکەخانەکان و دەروازەکانی سنوری هەرێمی کوردستان



لەبەرواری ٢/٢٥/ تاوەکو ٢٠٠٨/٢/٢٧ لەبەرێوەبەرایەتی گومرگەکانی هەرێم بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی فەرمانبەرانی گومرگی فرۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی و دەروازەکانی سنوری هەرێمی کوردستان بەسیستەمی نوێی جیهانی لەجێ بەجێ کردنی کاروباری گومرگی لەلاین پرۆژەی ( izdihar) کە یەکێکە لەپرۆژەکانی ئاژانسی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێو دەوڵەتی(USAID ) خوڵێکی راهێنان کرایەوە.

لەرۆژی کردنەوەی ئەم خوڵە بەرێز (رشید طاهر حسن) بریکاری وەزارەتی دارایی وەتەیەکی پێشکەش بەئامادەبووان و بەشدار بووان کرد وباسی لەرۆڵی گومرگی لەچەند ساڵی رابردوو رۆڵیان لەدابین کردنی خەرجیەکانی حکومەتی هەرێم کرد بە خزمەتگوزاری و دابین کردنی مووچەی فەرمانبەران و لەکۆتایی هیوای سەرکەوتنی بۆ بەشداربووانی خوڵەکە خواست.




شایەنی ئاماژەپێکردنە ئەم خولە لەبۆماوەی (٣) رۆژ بەردەوام بوو و زیاتر لە (١٨) فەرمانبەر لەسەر ئاستی هەرێم بەشداریان تێدا کردو موحازەراتی زانستی و ئەکادیمی لەلایەن شارەزایان لە بواری بەشی سیاسەتی بازرگانی لەپرۆژەی (izdihar ) و چۆنیەتی رێکخستنی رێبواران لەبواری ئابووری و گومرگی سەبارەت بە کەلْ پەلی هاتووچۆ تێدا پێشکەش کرا.

لەکۆتایی دا خەلات بەسەر بەشداربووانی خولەکە دابەش کرا و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.